**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

## بڕیار

**ژمارە ( ٢٠ ) ساڵی٢٠١٢**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٣) لە ١٧/ ٩/٢٠١٢ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

**یاسای ژمارە ( ٩ )ی ساڵی٢٠١٢**

**یاسای بەخشینی نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆراکە لە دەرەوەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا خزمەت دەکەن لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم:** هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا یان ئەو بڕوانامەیەی هاوتایانە کە لە فەرمانگەو دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، لە دەرەوەی فەرمانگەو دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کار دەکات، مافی بۆ وەرگرتنی نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**دووەم:** هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا یان ئەو بڕوانامەیەی هاوتایانە کە لە کەرتی تایبەت کار دەکات مافی وەرگرتنی نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دووەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە پێڕەوێکی تایبەت دەربکات بۆ بەخشینی نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی پلەی زانستی ، بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی سێیەم:**

ئەوانەی حوکمەکانی ماددەی یەکەم (یەکەم)ی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە شایستەی دەرماڵەی نازناوی زانستین بەپێی ئەو پێڕەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسعـود بـارزانی**
**سـەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هەولێر :**
٧/ تشرینی یەکەم /٢٠١٢ ی زایینی
١٥/ رەزبـەر/ ٢٧١٢ ی کـوردی
٢١/ ذو القـعدة / ١٤٣٣ ی کـۆچی

## هۆیە پێویستکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

بەمەبەستی هاندان و پەرەپێدانی داهێنان و توێژینەوەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا لە هەرێمی کوردستان و مسۆگەر کردنی مافەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.